# هەستی نەتەوایەتیی و چاکسازی کۆمەڵایەتی لە دنیای ئەدەبی مەلای گەورەی کۆیی دا

دڵزار حەسەن

قسەکردن لەسەر مێژووی فکر و ئەزموونی نووسین و کارکردنی هەر کارەکتەرێك لە دنیای هزر و بیرکردنەوە، خۆی لە خۆیدا کارێکی گران و تاقەت پڕوکێنە. بەتایبەت ئەگەر توێژینەوەکە ساغکردنەوەی بیر و ئەندێشەی کەسایەتییەکە بێت، ئەو کەسایەتییەش لە مێژووی کاری ئەدەبیی و کوردایەتیی و مرۆڤسالاریدا تواناکانی بەرزنرخێندرابێت. ئەو کات بۆ ئاشنابوون بە دنیای ئەدەبیی و شیعر و بۆچوونەکانی، سەرچاوەی زیاتر و بەدواداچوون و وردبوونەوەی پتری دەوێت. هەڵدانەوەی دیرۆکی لاپەڕە و ژیاننامەی هەر زانایەك دەبێتە دەروازەیەکی گرینگ بۆ وەرگرتنی داتا و زانینی لایەنە دیار و پەناهانەکانیشی، کە دواجار دەبێتە هۆی دەستکەوتنی کۆمەڵێك زانیاریی سوودبەخش. هەر ئەوەش وادەکات توێژەر بە وردی و لە ڕوویەکی زانستییەوە ڕۆبچێتە نێو تەواوی بەرهەم و تێڕوانین و لێکۆڵینەوەکان. لەو سۆنگەیەوە هەر توێژینەوەیەك کە کار لەسەر بنکۆڵین بکات، بەپێی پێویست دەبێت گشت لایەنەکانی ئەو کەسایەتییە شرۆڤە بکات. منیش لەو ڕوانگەیەوە کارم لەسەر زانای دیاری دنیای ئیسلامی کوردی، مەلا محەمەدی جەلی زادە (ناسراو بە مەلای گەورە)، کردووە.

## تێگەیشتن لە چاکسازی

مانا فەرهەنگییەکەی چاکسازی، ڕیفۆرم (إسلاح)، دەکرێت وەها پێناسە بکرێت: نۆژەنکردنەوە، تازەبوونەوە، شکڵپێدانەوە، دروستکردنەوە، چاکترکردن، گۆڕین، گەشەپێدان، هەنگاونان، بۆ خوڵقاندنی دۆخ و هەلومەرجێکی نوێ... هتد.(1) ئەگەرچی پرۆسەی چاکسازی لە دەستپێکدا پێگە و ڕیشەی لە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی ئایینیدا هەبووە، بەڵام پاشتر و لەگەڵ زەمەندا چ وەک تێرم و چ وەک پرۆسەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگی، تخووبی هێزە ئایینییەکانی تێپەڕاندووە و لە هەناوی ئایدۆلۆجیە لیبراڵ و گرووپە موحافیزکارە نوێکانیشدا جێی خۆی کردووەتەوە. بە مانا سادەییەکەی "چاکسازی" گۆڕینی دۆخە خراپەکانە بەرە و باشبوون، بەشێوازی هێمن و لەسەرەخۆ، بێ توندوتیژیی و شۆڕش، جا ئەو چاکسازییە ڕوو لە تاک بێت یان کۆمەڵگە، یاخود دەزگا. بەمانایەکی دیکە "اصلاح [چاکسازی] لە ڕووی بەرکارەوە دەبێتە هاودژی فەسادی، واتە پرسی چاکسازی لەجەوهەردا دژی خراپەکاریی و گەندەڵییە. چەمکی خراپەکاریش بریتییە لە دەرچوونی شتێك لە دۆخی میانڕەویدا."(2)
هەڵبەتە چاکسازی نێو پرسە سیاسی و ئایینی و کلتورییەکان، نزیکترین دۆخن لەیەکتریەوە کە ئەو چەمکەیان بۆ بەکاربهێندرێت. جارجارەش ئەگەر دۆخەکە پێویستی بە قووڵبوونەوەی زیاتر هەبوو، ئەوکاتە ئاوەڵناوی شۆڕشی پێوە دەنووسێت، ئیدی وەک شۆڕشی چاکسازیی زاراوەکە بەکاردێت.
مەبەست لە چاکسازیی ئایینی پێداچوونەوەی کلتوری ئایینییە، لە ڕووی گونجان و نەگونجانی هەندێك لە بابەتەکانی لەگەڵ سەردەم یان بەسەرچوون و بەسەرنەچوونی هەندێك لە بۆچوون و ئیجتیهادەکانی زانایانی پێشین.

ئەو چاکسازیە لە بازنەی خودی بۆچوونە دێرینەکان و کوانووی کلتوری ئیسلامیدا جێی بۆتەوە، چونکە ئەوەی ناونراوە زەمینەی ئیجتیهاد و بوونی ڕا و ڕای جیاواز لای فەقیهەکان، دەچێتە خانەی چاکسازیەوە. لێرەدا دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین، کە چەمکی "چاکسازی" هەڵقوڵاوی واقعی فکریی

و کۆمەڵایەتیی ڕۆژئاوایە و جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ ڕەوتی ئیسلاحیی (چاکسازیی) لە چوارچێوە ئیسلامییەکەدا. دەتوانین بڵێین ڕەوتی چاکسازیی ئایینیی لە مێژووی ئیسلامدا لەو کاتەوە وەستا، کە گـوتیان "دەرگای ئیجتیهاد بەستراوە". ئەو ڕستەیەی کە بۆ چەندین سەدە ئوممەتی ئیسلامیی بێبەشکرد لە عەقڵ و ئەزموون و توانا زانستییەکانی ژمارەیەکی زۆر لە زانایان، کە لەبەر ئەو ڕستەیە چرای هزری خۆیان کوژاندەوە و چەکەرەکانی بیری خۆیان پووکاندەوە. دیارە ئەو ڕستەیەش لەوێوە هات، کە لە سەدەکانی پێنج و شەشی کۆچیدا دیاردەیەکی ترسناك سەری هەڵدابوو، لە دەستنیشاکردن لە مەرجەکانی ئیجتیهاددا، گوایە کەسانی نا "ئەهل" خۆیان خزاندبۆوە ڕیزی موجتەهیدەکان، لەکاتێکدا دەکرا لە درێژەی خودی ڕەوتە ئیسلاحییەکەدا، ئەو دیاردە نەخوازراوەش چارەسەر بکرێت.

بەگشتی، لە مەنزوومەی فکری ئیسلامیدا پرۆسێسێکی گرنگتر و پێشکەوتووتر لە "چاکسازی" هەیە کە پێی دەگوترێ "تجديد الدين"، واتە نوێکردنەوەی ئایین، کە دەستەواژەیەکی زۆر وردتر و گشتگیرترە، لە دەستەواژەی چاکسازی. یەکەم کەسیش کە لە مێژووی ئیسلامدا ئەو دەستەواژەیەی بەکار هێناوە، خودی پێغەمبەری ئیسلامە (د.خ.)، کە فەرموویەتی: "إِنَّ اللَّهَ يَبْعَثُ لِهَذِهِ الْأُمَّةِ عَلَى رَأْسِ كُلِّ مِائَةِ سَنَةٍ مَنْ يُجَدِّدُ لَهَا دِينَهَا"[(3)]، واتا خودا لەسەری هەموو سەدەیەك، کەسێك دەنێرێت تا ئایین نوێ بکاتەوە. ئەوە چاکسازیی ئایینییە لە بازنەی تێگەیشتنە ئیسلامییەکەدا، بەڵام کەی ئەو چاکسازیە دەکرێت؟ هەر کاتێك کە هەستکرا هەندێك لە ئیجتیهاد و فـەتوا و بۆچوونەکان، خەریکە بەسەر دەچن و بە فاکتەری زەمەن، تۆز و گەردیان لەسەر دەنیشێت و خەریکە ڕەونەقی فیقهـ تێك بـچێت، یان ئاڵوگۆڕی سیستمی ژیان و سروشتی ژینگەکان خەریکە مۆرکی نەسازان لەگەڵ واقیع بەسەر بۆچوونە دێرینەکاندا بدەن. ئەوەش پێداچوونەوە بە ڕا و بۆچوونە فیقهییەکاندا دەخوازێ، ئەو کات دەبێ لە چوارچێوەی حوکمە "جێگیرەکان"دا، پێداچوونەوە بە حوکمە "ناجێگیرەکان"دا بکرێ و بە تێگەیشتنی نوێی هەڵقوڵاوی ژینگە و کۆمەڵگە و سەردەمەکە، ڕا و بۆچوونی نوێ بێتە مەودای "فیقهی نوێی" و پێشهاتی تازە و گونجاندنی لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا، کە یاسا بـنەڕەتییەکانی بۆ هەموو سەردەمێك دەگونجێ بەپێی ئەوەی دەبێ تێگەیشتنی سەردەمیانەی بەپێی کات و شوێن بۆ بکرێت. ئەمە ڕاستییەکی گرنگە و بەلەبەرچاوگرتنی زۆر شت، پـێویستە وەکخۆی زیندووبکرێتەوە.

**بنەچەی بنەماڵەی جەلیزادە**

بنەماڵەی جەلیزادە لە بنەچەوە بۆ سور "شێخ ئیبراهیم"ی جەزیری دەگەڕێتەوە، کە ئەو خانەوادەیە لە جزیر و بۆتانەوە لەبەر هۆیەکی نادیار ڕووە و باشووری کوردستانی گەشتیان کردووە. دواتر دێنە گوندی بێگەڵاس لە ناوچەی پشدەر، پاشان بەشێکیان هاتوون بۆ گوندی شیواشان لە دەڤەری ڕانیە. باپیرە هەرە گەورەیان محەمەد کە بە مەلازادەی شیواشان بەناوبانگە، دەگێڕنەوە، کە زۆرینەی ژیانی خۆی لە ئەشکەفتێکی نزیکی شیواشان بە عیبادات بردووەتە سەر، گوایە لە زۆر باردا بە شیری بزنە کێوی گوزەراندوویەتی. محەمەد یازدە کوڕی هەبوو، کوڕی هەرە گەورەی مەلا عەبدوڵا بووە، کە دەچێتە گوندی جەلی، کە دەکەوێتە دەڤەری خۆشناوەتی، لەوساوە ئەم بنەماڵەیە بە جەلیزادە ناودەبرێن. ئیتر بەم چەشنە بڵاودەبنەوە تاکو لە سەردەمی "مەلا عەبدولرەحمان"ی باپیرە گەورەیاندا کاتێك عەبدولرەحمان پاشای بابان مزگەوت و مەدرەسەی لە قەبەڵ دەکات و بەراتی چەند گوندێکی بەو مزگەوتەوە دەبەستێتەوە. بۆیە "وراتی کۆیە" دەکەنە مەڵبەند و لێی جێگیر دەبەن. مەلا عەبدولرەحمان لە ١٢١٧ ك ماڵئاوایی لە ژیان دەکات. دوای مەلا عەبدولرەحمان کوڕە گەورەکەی واثق بیللا مەلا

عەبدوڵڵای جەلیزادە دەبێتە جێگری باوکی، کە خەلیفەی مەولانا خالید بووە و لە ١٢٤٦ ك بە تاعوون گیان لەدەست دەدات. کوڕە گەورەکەی، کە ناوی ئەسعەد بوو لە ١٨١١ لە دایك بووە، کە دواتر بە حاجی مەلا ئەسعەدی جەلیزادە ناسراوە. محەمەد پاشای والی ڕەواندز، کە ئەوکات لە کۆیە بووە لە شوێنی باوکی دایدەنێتەوە. حاجی مەلا ئەسعەد لە ١٨٤٤ بۆ خوێندن دەچێتە شام و لەلای شێخ عەبدولرحمان کەزبەری.[4] ئیجازەی "حەدیس و فیقهـ و تەفسیر" وەردەگرێ و دەچێت بۆ مەککە و پاشان بۆ کۆیە دەگەڕێتەوە. دواتر لای مەلا عەبدولرەحمانی ڕۆژبەیانی لە بەغدا ئیجازەی گشتی لە زانستەکانی ئیسلامی وەردەگرێ. حاجی مەلا ئەسعەد لە ١٢٨٨ ك بۆ جاری دووەم دەچێتەوە حەج، کوڕە گەورەکەی عەبدوڵلا کە لە ١٨٣٥ لە دایك بووە، بە حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە ناسراوبووە لەگەڵیدا دەچێت بۆ حەج. حاجی مەلا ئەسعەد هەر لە مەککە دەمێنێتەوە، ١٨٧٢ هەر لە وێ کۆچی دوایی دەکات. حاجی مەلا عەبدوڵلا دوای مەرگی باوکی دێتەوە کۆیە و لە شوێنی باوکی دادەنیشێت. حاجی مەلا عەبدوڵلا سێ کوڕی دەبێت بە ناوەکانی بەهادین و محەمەد و نورەدین. محەمەد، کە بە مەلای گەورە ناسراوە دوای کۆچی دوایی باوکی حاجی مەلا عەبدوڵلا لە ١٩٠٨ جێگەی ئەو دەگرێتەوە.[5]

مامۆستای کۆیی پیاوێکی زۆر پیتۆڵ و خۆناس و خواناس و گەلناس و وریا و ژیر و دڵسۆزێکی ڕاستەقینەی ئایینی ئیسلام و خەمخۆرێکی گەلی کورد و ڕۆڵەیەکی هەڵکەوتووی کوردستانی دابەشکراو و بەدبەخت و فێڵلێکراو بووە. ئەو هۆنەر، هونەرمەند، زانا، مەلا، سیاسەتوان، وانەبێژ، پێشنوێژ، وتاربێژ، نووسەر، وێژەوان، دێژەوان (فقیە)، ڕاڤەدەر (مفسر)، ڕاستوێژ، دڵسۆز و خەمخۆر بووە. کوڕێکی مەرد و مەردێکی کورد و نەترس بووە، بزوێنەری هەستی دڵان و ڕاپەڕێنەری خەوڵێکەوتووان بووە.[6] لە تەمەنی بیست ساڵیدا ئیجازەی زانستی مەلایەتی لە باوکی وەرگرتووە و هەر لەو تەمەنەدا جگە لە فەتوا، ئەرکەکانی وتاری هەینی و وانەی ئایینی و سەرپەرشتی هەردوو مزگەوتی مەلا ئەسعەدی جەلیزادە و مزگەوتی گەورەی گرتۆتە ئەستوو، لە ساڵانی ١٩١٢ تا ١٩٢٨ چەندین کاری ڕەسمی حکومی سەرکەوتووانە ڕاپەڕاندووە، لە ١٩١٢ کراوە بە موفتی کۆیە و لە ١٩١٩ کراوە بە قازی و لە 1924 هەڵبژێردراوە بۆ ئەنجوومەنی دامەزراندنی عێراق و زۆر شێلگیرانە پێداگری لەسەرمافەکانی نەتەوەی کورد کردووە.[7] دواتر جارێکیتر کراوە بەقازی وراتی کۆیە و لە 1928 وازی لە کاری میری هێناوە و خۆی تەرخانکردووە بۆ هۆنینەوەی شیعر و وانەی ئایینی و نووسینی کتێب. بەجۆرێك وەك دەڵێن لە شەو و ڕۆژێکدا ٢١ سەعات خەریکی نووسین و خوێندنەوە و وانەوتنەوە بووە، لەو ماوەیەشدا خەرمانێك بەرهەمی بەهێز و پێویستی ئامادە کردووە، کە جگە لە ١٤ کتێب و نامیلکە بە زمانی عەرەبی، شەش بەرهەمیشی بە زمانی کوردی داناوە، کە بریتین لە: عەقیدەی ئیسلام، مجدد، فڕی فڕی قەل فڕی، تەفسیری قورئانی پیرۆز و دیوانی شیعر. دیارە شیعرەکانی بەسەر چەندین لایەنی ئایینی و کوردایەتی و کۆمەلایەتی و مافی ژنان و منداڵان دابەش دەبن. مەلای گەورە بەرهەم و کارەکانی دابەش دەبن بۆ سەر سێ بوار نیشتیمان پەروەریی و بەرگریکردن لە کورد؛ چاکسازی کۆمەلایەتی لە ڕێگای شیعر؛ هەروەها مافەکانی ئافرەت.

**نیشتیمان پەروەریی و بەرگریکردن لە کورد**

"يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ"[8]، واتە ئەی خەڵکینە، ئێوەمان لە نێر و مێ دروست کردووە، بە چەند نەتەوە و خێڵ و هۆزێك دەوردراون، بۆ ئەوەی یەکتر بناسن، ڕێزدارترتان لای خودا، خۆپارێزەکانن، خودا زانا و لێزانە.[9]

لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دابەشبوونی خاکەکەی بەسەر هەر یەك لە بەریتانیا و فەرنسا و ئیتاڵیا، کوردیش خاکەکەی دابەشکرا بەسەر عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو سەدەیە بە سەدەی نەتەوەسازی ناودەبرێت، کە هەستی نەتەوەیی بەهۆی داگیرکردنەوە، لای زۆربەی گەلانی موسڵمان و ناوچەکە دروست بوو. بێگومان ناسیۆنالیزم- نەتەوایەتی، پڕ بەکارهێنەرترین چەمکی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەك، پرسێکی گرنگ و پڕبایەخ و گەرمی دنیا بوو، کە وابەستەی تەواوی گەلانی زیندووی سەرزەویە. بە ئامانج و مەبەستی جێگیردنی یەکەیەکی سیاسیی جیۆگرافیی، کە واتای "دەوڵەت" دەگەیەنێ. ناسیۆنالیزم بە مانای "میللەتگەرایی، هەستی نەتەوایەتی، دەمارگیری نەتەوەیی دێت.

فرە بۆچوونی جیاواز لەبارەی مێژوو و ڕەچەڵەك و ڕیشەی ناسیۆنالیزمەوە هەیە. بەشێك لە شرۆڤەکارانی بواری نەتەوە، مێژووی ناسیۆنالیزم دەگەڕێننەوە بۆ سەرەتای ژیان و کەونارای کۆن، چونکە لە سەرەتای زیندەگییەوە مرۆڤ هەوڵی مانەوەی لەسەر زەوی داوە و فکرەی خاوەندارییەتی هەبووە و هەوڵی داوە سنووری دەسەڵاتی فراوان بکات.(10) ڕەگ و ڕیشەی ناسیۆنالیزمی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ شاعیری ناسیۆنالیست ئەحمەدی خانی (١٦٥١-١٧٠٧). ئەو بە یەکەم کورد هەژمار دەکرێ کە لەبارەی نەتەوایەتی و سازکردنی دەوڵەتی کوردی لەڕێی نووسین و شیعر و داستانەوە دواوە و لە داستانی "مەم و زین"دا کە لە ١٦٩٥ نووسراوە.(11) لەڕێی ئەڤین و خۆشەویستی و جوانی و پاکی، هاوکاران و دژان، باسی سەردەمی خراپی خۆی دەکات و وێنای دەوڵەت دروستکردن نیشان دەدا، ئەمەش وابەستە بە هەستی ناسیۆنالیستی و کوردایەتیی و نیشتیمانپەروەرییەوە. ئەم داستانە لە دوای ئازار و ئەشکەنجەدانی کوردان نووسراوە. ئەو هەستە ناسیۆنالیستییەی خانی دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی سیاسی و جیۆگرافی و کۆمەڵایەتی سەردەمی ژیانکردنی. ئەو لە سەردەمی کێشە و کێشمەکێشەکانی نێوان دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانی ژیاوە، کە زۆربەی کێشەکانیان لەسەر خاکی کوردان و ناوچە کوردییەکان بووە، هەردوولا هەوڵیان داوە لەسەر حسێبی کوردان، یەکەی جیۆگرافیی خۆیان فراوان بکەن. لەم نێوەندەدا بە پلەی یەکەم کورد زیانمەندی گیانیی و ماددی بووە. کورد هیچ دەسەڵات و پێگەیەکی لە ناوچەکەدا نەبووە، ئەمە هۆی سەرەکیی و گرنگە کە ئەحمەدی خانی بەو ئاراستەیەدا برد.

لە دوای ئەحمەدی خانی، حاجی قادری کۆیی (١٨١٦-١٨٩٧) بە سەرقافڵەی بیری نەتەوایەتی و ناسیۆنالیستی دادەنرێ، ئەمەش وابەستەیە بە دوورکەوتنەوە لە وڵات و دەڤەر و زێدی خۆی و ئاوارەبوون بۆ وڵاتی دژەکوردان و مەیلی خۆبەکەمزانی لە بەرامبەر عوسمانییەکان، چونکە خاوەن دەوڵەت و قەوارەیەکی سیاسی نییە، بۆیە دەنووسێ(12):

**وەکو بیستوومە ئەی یاری نیکۆپەی لە تەئریخی جەم و ئەسکەندەر و کەی**

**بەشیر و خامە دەوڵەت پایەدارە ئەمن خامەم هەیە، شیر نادیارە**(13)

هەروەها دەڵێ:

خاکی جزیر و بۆتان، یەعنی وڵاتی کوردان سەد حەیف و مخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان(14)

لە شیعرەکانی حاجی قادر، ڕوون دەبێتەوە، کە بەتەواوی ڕۆچووەتە ناو هەستی ناسیۆنالیزمی کوردی و ئاواتەخواز و ئومێدەواری دەوڵەتە بۆ کوردان.

جگە لەو کەسایەتیانەی باسمان کردن، مەلای گەورە یەکێکە لەو زانا و دانایانەی کورد، کە بە شیعر و هەڵوێست و وتارەکانی داکۆکی لە ماف و داخوازییەکانی کورد کردووە و دەڵێت:

**هەتا دەمرم لە بۆ کوردان دەناڵم   عیلاجیان چۆن بکەم هاوار بەماڵم**

**دەبێ کەیفی چیم بە جەنیا بێ   قەومی من وا ڕەزیل و ڕیسوا بێ**

**بێکەس و بێدەر و فەقیر و هەژار   بێ سەر و سەرفراز و بێ سەردار**

**ئەوی ڕێگەی لە کوردەکان گۆڕی  لەعنەتی خودا لە ئەلحەد و گۆڕی**[15]

ئەو هەستەی لەژێر ڕۆشنایی ئەو ئایەتەی قورئان، کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە دەربڕیوە. مەلای گەورە و تەواوی زانایان و مامۆستایانی ئایینی داکۆکیان لە نەتەوە و میللەتەکەیان کردووە، کوردیش وەك نەتەوەیەك، لە نێو ئەو جیهانە پان و بەرینەدا خاوەن مافە، بۆ ئەو مەبەستەیش هەمیشە داکۆکیکاری ماف و داخوازییەکانی بووە. ئەو هەستە نەتەوەییەی مەلای گەورە دەگەڕێتەوە بۆ مامەڵەی خراپی دەسەڵاتداری عوسمانی لە ناوچەکە و بێشبەشکردنی کورد لە مافە مرۆییەکانی. بێجگە لەوە، بەرپەچدانەوەی سیاسەتە دوژمنکارەکانی بەریتانی و فەرەنسییەکان بووە، کە خاکی کوردیان دابەشکردووە. ناتوانین کاریگەرییەکانی محەمەد عەبدە لەسەر تێروانینە دژەکانی بۆ ئینگلیز لای مەلا گەورە بشاردرێتەوە. لە پەرتووکی "العروة الوثقى"[16]، عەبدە زۆر بە توندی دژی داگیرکردنی بەریتانیا و ئینگلیز دەوەستێتەوە چەندان وتار لە دژیان لەو کتێبە بڵاودەکاتەوە. لای من بۆتە پرسیار، من باسی عەمەلییەی دژکارییەکانی مەلای گەورە ناکەم بەرانبەر بە عوسمانییەکان، کە خۆی لەگەڵیاندا ژیاوە و هەڵسوکەوتە خراپەکانی بینیوون، بەڵام مەلای گەورە خۆی بەشداری دروستکردنی دەوڵەتی تازەی عێراق دەکات، بە ئاگاداری ئینگلیزەکان و بەشداری ئەوان، ئەی لە پای چی دواتر دژایەتی ئینگلیز دەکات.؟ پێموایە ئەوەیان جگە لە هەستە نەتەوەییەکەی، بەشێکیشی بۆ هەڵوێستی محەمەد عەبدە دەگەڕێتەوە، کە ئەو دژی بەریتانیا و سیاسەتەکانی ئینگلیز بووە لە ناوچەکەدا، چونکە دەبێ ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین، مەلای گەورە خۆی بەبەشێك لە داکۆکیکارانی فکری محەمەد عەبدە دەزانێت و نایشارێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا سەرسامە بە شارستانییەتی ڕۆژئاوایی و بە ئاشکرا ناوی ئەوروپا و ئەمریکا و پێشکەوتنەکانیان دەهێنێت.

ئەی بۆچی دژی ئەو ڕەوتە دەوەستێتەوە لەکاتێکدا ڕۆژئاوا هیچ چارەیەکی دیکەی نەبوو بۆ هاتنە نێو خاکی موسڵمانان گەر بەو ڕێگایە نەبووایە؟ لێرە تێگەیشتنمان بۆ هەڵوێستەکانی مەلای گەورە بۆ دەردەکەوێ، کە بەمانای وشە کوردانە و موسڵمانانە بیری کردووەتەوە، نەك وەك ناسیۆنالیستێکی ڕووت، بەڵکوو ویستوویەتی لەو ڕیگایەوە هەم ئامۆژگاری کورد بکات لەسەر ئەوەی بۆ پێشناکەوێت، لەهەمان کاتدا ڕێگریشی لە داگیرکردن و دوژمنان کردووە و ڕەخنەی لێگرتوون، ئەوەیشی وەك ئەرکێکی ئینسانی و نەتەوەیی و ئایینی سەیرکردووە.

کە "مەجلیسی تەئسیسی" دانرا، مەلای گەورە بووە ئەندام لە 1924، لەسەر میللەتی کورد زۆر بەجواب بوو، فەرمووی ڕۆژەکی لە مەجلیس قسەم دەکرد، جەعفەر پاشای عەسکەری سەرۆک وەزیرانی عێراق بوو، بە کوردی بانگی کردم و گوتی: توخوا ئەگەر دەستەکانتم نەدەیتێ ماچیان بکەم بە خوای قسەکانتم پێخۆشبوو. مەلای گەورە یەك لەو نوێنەرانەی پەرلەمان بوو، کە معاهدەی عێراقی و بەریتانی مۆر نەکرد. ڕۆژەکی پیاوێکی بەغدایی عەرزی دەکات سبەینێ بەسەر مەجلیس دادەدەین ئاگات لە خۆبی، فەرمووی سبەینێ چوومە مەجلیسی عەبدولموحسین سەعدون سەرۆکی مەجلیس بوو

دەستی گرتم، گوتی: لۆ قەت جارەکی نایە هۆدەی ڕیئاسەت؟ گۆتم: چی فەرموو بابچین چووینە ژووری دانیشتین، شێخ حەبیبی تاڵەبانی، کە نوێنەری کورد بوو لە کەرکوك، لەگەڵ چەند کوردێکی دیکەش هاتن، هەرهەندەمان زانی میللەت دەورەی بینایەی مەجلیسی دا، سەربازیش هاتن دەورەی میللەتیان دا. تەقە و هەرا پەیدا بوو، بە کوردی بە کوردەکانم گۆت: لە جێی خۆتان مەبزون مەردن لەو پەنچەرانە گوللـە نامان گرێتەوە، مەڕۆنە دەرێ با شەقی میللەتمان پێ نەکەوێ، بچنە دەرێ حەیاتان دەچی. چونکی هەندەك نوێنەر چووبوونە دەرێ میللەت زۆری تێ هەڵدابوون، هاتبوونەوە ناو بینایەی مەجلیس گوێیان لە دەنگ و باس و قیژەی بووبوو. جەنابی مەلا لەگەڵ موحسین سەعدون گفتوگۆ دەکات حاڵەتی تەبیعی تێکناچێت. موحسین هەڵدەستی دەست دەداتە دەستی جەنابی مەلای دەڵێ: بەخوای بەغیرەتی، جەنابی مەلای دەفەرمووی، کەسێ کورد بێ، موسڵمان بێ، دەبێ بە غیرەت بی.[17]

دیارە ماوەی کۆتایی ژیانیشی وەك دەگێڕنەوە بێئومێدی زۆری پێوە دیار بووە، گوتوویەتی: هیچ سوودی نییە. دیارە بێ ئومێدیەکەشی لە کورد و ئەو دەوڵەتە نوێیەی کە لە عێراق دروستکرابوو ئەو لە مەجلیسی دامەزراندن دابوو، بەڵام دواتر بێئومێد بوو لەوەی کە هیچ مافی بە کورد نەدا.[18] لەبارەی مەلای گەورە زۆر نووسراوە و زۆر گوتراوە، بەڵام ئایا هەموو ئەم شتانەی لەسەر مەلای گەورە کراون شایستەی مەلای گەورەن، یاخود تەنیا باسێکە و بەس؟ یاخود وڕێنەیە و هەر لێیی تێنەگەیشتون؟ ئەو نوێگەریی و ئیجتیهاداتانە چین، کە مەلای گەورە بێترس ڕای خۆی لەسەر گوتووە؟ ئایا مەلای گەورە خۆی دروستکرد، یاخود زەمانە و دەورووبەر کاریگەر بوون بۆ هاتنە کایەی؟ تۆ بڵێیت هۆکار چی بووبێت، کە مەلای گەورە جیاواز بێت لە مەلاکانی سەردەمی خۆی؟[19]

سەردەمی مەلای گەورە سەردەمی ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی بوو، واتە کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی بوو، تێکەڵبوون لەگەڵ شارستانیەتی ئەورووپا، وڵاتە ئیسلامییەکان بە خۆیاندا دەهاتنەوە، زەمەنێکی وا بووە مەلا و زانا گەورەکانی ئیسلامی بەخۆیاندا بچنەوە، کە سەردەمی عەبدولرەحمان کەواکیبی و محەمەد عەبدە و جەمالەدینی ئەفغانی بوو، لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئەو کات لە هەموویان زیاتر کە دەرکەوتووە مەلای گەورە بووە. دیارە مەلای گەورەش هەمان ئەو ڕەوتەی گرتەبەر. من ناڵێم لە ژێر کاریگەری ئەو زانایانە بوو، بەڵکو ئەو لە ژینگەی خۆیەوە بە هەمان بارودۆخ کە کاتی خۆی دەیانگوت عوسمانییەکان تا ڕۆژی قیامەت حوکم دەکەن و خەلافەتی پێغەمبەرن، دەرچوو ئەمانە هیچ وانەبوو و بەرە و ڕووخان دەڕۆیشتن و خۆیان ڕوویان لە تورکایەتی و فکری ڕۆژئاوایی بوو. ئیدی گەلەکانی ژێر دەستی عوسمانیش بەخۆیاندا هاتنەوە. کەسایەتی مەلای گەورەش لێرەدا وەك کەسێکی زۆر تایبەت هەڵکەوت لە کوردستان.[20] هەرچەند مەلای گەورە تەواو لە عوسمانییەکان نائومێد بوو، بە لادەر لە ئایین وەسفی کردوون، بەڵام زۆریش دڵخۆش نەبووە، بە بەدیلەکەی، کە بەریتانیایە. مەلای گەورە سەرەتا بەڵێ، بەڵام دواتر چارەی ئینگلیزی نەویستووە. لە نامەکەیدا بۆ یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی بەریتانیا بە ئومێدەوە دەنواڕێتە حوکمی بەریتانی لە ناوچەکەدا، پێیوابووە خۆشگوزەرانی دەوێت بۆ خەڵك. داوایان لێدەکات دادگەربن و هەموو خواستەکانی کورد بهێننە دی. داوای دانانی حاکمێك دەکات لە ناوخۆیدا کورد، یان حاکمێکی ئینگلیز یان بێگانە بەسەر کوردا بچەسپێنن. دەشڵێت ئەگەر حکومەتی بەریتانی دەستی یارمەتی بۆ ئەو گەلە درێژ نەکات هەتا هەتایە دەچەوسێتەوە.[21] دوای ئەو یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی بەریتانی، نامەیەك بۆ ئەفسەری سیاسی بەریتانی لە هەولێر دەنێرێت و باس لەوە دەکات، کە سەردانی مەلا محەمەدی کۆیی کردووە، سەبارەت بە گەڕانەوەی دەسەڵاتی عوسمانییەکان بۆ کوردستان زۆر نیگەران بووە، ئاماژەی بەوە کردووە کە ئاکاری تورکەکان دژ بەو ئاکارانەیە کە لە قورئاندا هاتووە.[22]

بۆ حوکمداری کوردستانیش، مەلای گەورە پێشنیاری حەمدی بەگی بابان دەکات، کە کوردێکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەرە.[23] مەلای گەورە هەر بەتەنیا لە بوارێکدا کۆششی نەکردووە، هەر بە تەنیا لەیەك مەیداندا خزمەتی نەتەوەکەی نەکردووە، بەڵکو مەلایەکی زانا بووە بەهەمان جۆریش شاعیرێکی نیشتیمانپەروەر بووە و لە سەرجەم بوارەکانی کوردایەتی و کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت و هەژاران و هاوکاریکردنی خوێندنی زانستی و دادپەروەریدا جێپەنجەی دیاربووە. مەلای گەورە کەسێك بووە بەئاگابوو لە دنیا و سەردەمەکەی و دەوروبەری خۆیدا، کتێبخانەی مەلای گەورە دەوڵەمەند بوو بە هەمەجۆری بوارەکان.

## مەلای گەورە و چاکسازی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی شیعر

لە قۆناغی ژیانی مەلای گەورە، شاری کۆیە نێوەندێکی پڕ بایەخی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بووە. بنەماڵەی مەلای گەورە بە تایبەتی مەلا عەبدوڵای باوکی هەم ئەدەبدۆست و شاعیر بووە، هەم نزیکایەتی لەگەڵ شاعیرانی سەردەم هەبووە، وەک حاجی قادری کۆیی. ئەو دۆخە بۆ مەلای گەورە دەبێتە وێستگەیەکی دەوڵەمەندو و ئاشنایەتییان لەگەڵ شاعیران و حاجی قادری کۆیی دەرگا بە ڕووی ئەدەب و شیعر بۆ مەلای گەورە ئاواڵا دەکات. حاجی بە شاعیری نەتەوەیی و نیشتیمانی ناسراوە، بەڵام مەلای گەورە دوو دەروازە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی کۆمەڵایەتی ئەوساکەی کورد بەکار دەهێنێت، زمانی ئایین و ئەدەب. مەلای گەورە بە ڕێگای تواندنە شیعرەکانییەوە ڕەخنەی خووە خراپەکانی کۆمەڵگە دەکات و دیاردە دیاردە لەسەریان دەوستێت و ڕەخنەیان لێدەگرێ و ئامۆژگارییان دەکات. لەگەڵ ئەوەیشدا هەوڵی چاکسازی کۆمەڵایەتیش دەدات، سڵ لە هیچ دیاردەیەکی دزێوی کۆمەڵگەی کوردی ناکاتەوە. ورد ورد لەسەر جومگە و تەوەرەکانی دەوەستێت و بە شیعر و وتار و چیرۆك و پەند ئامۆژگارییان دەکات. ڕێگا خراپەکان دەستنیشان دەکات و چارەسەریش دەدۆزێتەوە. بەرهەمی شیعری مەلای گەورە هەمووی دەچێتە ناو شیعری میللییەوە، لەسەر هەر کێش و قافیەك دانرابێ. لە ڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆکەوە ئەدگار و شەقڵی شیعری میللیی "حاجی قادری کۆیی"یان پێوەیە. لە خوێندنەوەی شیعردا ئەگەر کەسێك نەزانی شیعرەکە مەلا محەمەد (مەلای گەورە) دایناوە، بەتایبەتی نازناویشی نییە، بە شیعری میللی فۆلکلۆری بێ خاوەن حسێبی دەکات. زمانی شیعری مەلای گەورە ئاسان و ساکارە، وشەکانی لە زمانی قسەکردنی ناو خەڵك وەرگیراون. ڕستە و دەربڕینی زیاتر دەشکێتەوە سەر دیالێکتی ناوچەی کۆیە.[24]

لە یەکێ لە ئامۆژگارییەکانیدا دەڵێ:

**قسێکت بۆ دەکەم چاکی بزانە     قوبووڵی کە بەبێ عوزر و بەهانە**

**لەسەر زار و زمانان گەرچی سووکە     لە میزانی حەقیقەت زۆر گرانە**

**بە خێری خۆت بە خەڵکی ڕاگەیێنە     هەتا زاهیر بێ ئەو ئەسیری نیهانە**

**هەتاکو ئەهلی شار و دەشت و لادێ     خەبەردار بن لە ئەحواڵی ئەوانە**

**بۆ خۆت ئەحواڵی لادێ چاك دەزانی     یەکێ جووتیار یەکێکی بەرخەوانە**

**فڵان ئاودێرە ئەوەیان عارد دەکێڵێ     شوانە ئەو ئەویتریان سەپانە**

**خەریکی کاروبار و جووت و شوانی     لە فێڵی فێڵکەران ناشارەزانە**

**مەلاییکیان هەیە سندانی لێدا        نەخوێندە و ئەحمەق و پووچ و نەزانە**

**وەکو کەر گڕ دەخوا دائیم لە دێدا        بەڕاستی پان دەڵێی مالمی جووانە**

**ئەویش بۆ شێخ وەکو کەلبی موعەلەم  بەدەم کەوێشکی بۆ دەگرێ لەلانە**[25]

بە زمانێکی ئاسان و ئاسایی لەگەڵ ڕەنجبەر و جووتیاری دەشت و خەڵکی کرێکار و هەژارانی شار قسە دەکات و بەسەرهاتی نالەباری خۆیانیان دەگێڕێتەوە. لە کار و کردەوەی کۆلکە مەلا دەدوێ و توانج لە شێخی فێڵباز دەگرێت و دەروێش و موریدانی شێخ بە ئاگا دێنێتەوە. وەك ئاشکرایە زۆربەی هۆنراوەکانی مەلای گەورە کۆمەڵایەتیین و داوای لە خەڵك کردووە، کە خەریکی خوێندن بن و دەست لە سۆفییەتی و دەروێشی و دەمارگیری و نەخوێندەواری هەڵگرن و گوێی ئەم و ئەو نەخۆن و هەتا دەتوانن بۆ بەهرە وەرگرتن لە زانست هەوڵدەن و فێری پیشەسازی و هونەر بن و بە گوێرەی زەمان ژیان بەرنە سەر.[26]

مەلای گەورە بۆ کوردان دەڵێ:

**هەتا دەمرم لەبۆ کوردان دەناڵم    عیلاجیان چۆن بکەم هاوار بەماڵم**

**بەزۆری جاهل و نەخوێندەوارن   لەلای نەوعێ بەشەربێ قەدرو خوارن**

**کەسێ قەدری لای خزمان نەمێنێ  لەلای بێگانە قەدری چی دەمێنێ؟**[27]

مەلای گەورەی شاعیر، وەك زانایەکی ئایینی چاکەخواز و شاعیرێکی نیشتیمانپەروەری بە جەرگ و سیاسەتمەدارێکی ئەوسای کورد. ڕۆژانە لەسەر ئامۆژگاری کردنی ڕۆڵەکانی میللەتەکەی دەرۆیشت و ئەنجومەنی تایبەتی خۆی و مینبەری مزگەوتی گەورەی کۆیەی کردبوو بە قوتابخانەیەکی زانستی و ڕووناکبیری و دەستە بە دەستەی خەڵکی شار و مەڵبەندەکانی دەوروپشتی، وانەی چاکسازی و نیشتیمانپەروەریی لێوە فێر دەبوون.[28]

**مەلا ئەگەر مەلا بان    میللەت بۆ وای لێدەهات**

**ئەورووپایی چی دەکرد   لەسەر قیتعەی ڕۆژهەڵات**[29]

"شاعیرییەتی مەلای گەورە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە، کە شاعیرە یان هونەریانە مامەڵە لەگەڵ ئەدەب و شیعر و زمان و تەکنیك و وێنەدا دەکات. شاعیرییەتی مەلای گەورە بۆ کێشە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئایینیی و نەتەوایەتی[یەکان] دەگەڕێتەوە. ئەگەر ئەو کێشانە نەبوونایە ڕەنگە پەنای بۆ شیعر نەدەبرد. هەرچەندە نایشارێتەوە، کە لەسەرەتای هەرزەکارییەوە خولیایەکی زۆری بۆ شاعیر بوون هەبووە، بەڵام نەیتوانیوە بەسەر ئەو زمانە شیعرییەدا زاڵ بێت، کە شاعیرەکانی دیکە هەیانبووە. ئەوەیشی درکاندووە، کە شاعیرێکی خراب بووە، ئەوە لە ڕووی هونەری شیعرییەوە. لەلایەکی دیکە تێنەگەیشتن و کەمتەرخەمی قەومی کورد بە هۆکارێکی دیکە دەزانێ، کە وایکردووە لە شیعر نووسین بێزار بێت و خۆزگە بەوە بخوازێت، کە هەر شیعری نەنووسیایە! مەلای گەورە بۆ شیعر نووسین بەدوای زمانێکی سادە دەگەڕا تا لێیەوە ئامۆژگاری میللەتەکەی بکات و لە نەهامەتی و دواکەوتن و خراپەکارییەکان ئاگاداریان بکاتەوە، شیعر لای مەلای گەورە وەسیلەیە نەك ئامانج و بوون بە شاعیر، وەك ئەوەی لای نالی و مەحوی و گۆران... هتد، هەبووە. یانی ئەگەر ئەو هەست و مەهام و بڕوایانەی مەلای گەورە نەبووایە بۆ چاکسازیی و پەرۆشی ئەو بۆ چاککردنی کۆمەڵگە، ڕەنگە ئێمەیش تاقەتی ئەوەمان نەبووایە

شیعرەکانی بخوێنینەوە، کە هیچ هونەر و تەکنیك و وێنەسازیی و جەمالیەتێکی تێدا نییە، بەڵام کاتێك پەرۆشی ئەو بۆ خاك و نەتەوە و خەڵك و ئایین و ڕزگارکردنی کۆمەڵگەی کوردی دەبینین، ئێمەیش بەڕێزەوە سەیری شیعرەکانی دەکەین. لێرەدا وەنەبی مەلای گەورە شارەزایی لە ئەدەب و شیعر و شیعری شاعیرانی کورد و دنیا نەبووبێت، بە پێچەوانەوە بەڵگەی زۆر هەن، کە زۆر شارەزای ئەدەب و شیعر و شاعیرانی جیهانی و کورد بووە. بەشی زۆریانی خوێندووەتەوە و قسەی لەسەر کردوون یان ناوی هێناون".(30) هەرچەندە بەهۆی کردەوە خراپەکانیانەوە، وەك ئەفلاتوون ئەویش ڕەخنەیان لێدەگرێ، کە بووەنەتە دەربار و شایەر،(31) بەشێکیان، هەمیشە لەبەر دەرگای میر و سەرۆك و دەسەڵاتداران وەستاون و خۆیان و شیعریان بۆ پارە فرۆشتووە!

مەلای گەورە لە بەرگی حەفتەمی تەفسیرەکەیدا، لە لاپەڕە 58 بەو شێوەیە باسی شاعیران دەکات: "لە افاك ی اثیم، مهبط وحی شیاطون شوعەران، دیارە خۆیان مضلن ئەتباعیان ضالن، گومراهن، هائیم و موتەحەییر و بێ مەسلەك و بێ مەبدئو بێ غایە، هەتکی ئەعراض، قەدحی ئەنساب، زەممی ئەشراف، مەدحی ئەجلاف، موبالەغاتی درۆ، بێ ئەنداز ئەکەن. ئەو شوعەرایانە بوون، ماڵ و دەوڵەتی ئەمەوی و عەباسییان بە قوڕێ گرت. خەزێنەی حکومەتیان چۆل کرد، سازندگی وەکی ئیبراهیم بن ئیسحاق موصلی میراتی سێ ملیۆم دینار بوو"،(32) "ئیمامی شافعیش بە قەرداری مرد. ئەو حکومەتانە ئەژیەن؟ خۆیان ئەوەندە ڕەزیلانە و سفیلانە جولانەوە صونعەتی شیعریشیان بێ قیمەت کرد، ئەمرۆ زاتەکی مەدح دەکەن، سبەی هەجوو. عەجائیب لە پیاوە گەورەکان، کو پێیان خۆش بووە مەدحیان بکەن؟ ئەیانزانی مەدحیان بۆ جەلەبی ماڵە، نە بەیانی حەق، خەڵقیش نەیزانی ئەوان. خولاسە سەییئاتی شاعیران – خصوص لە ئیسلامەتی – نایەتە تەعداد."(33) "ئەفلاتوون زۆر لە دژی شاعیرانە، ئان زیادە ئەوانەی بە خەیاڵ ئالیهە ئیعتیبار ئەکەن، وە شەڕیان ئەهاوێتە بەین، ئەفەرموێ: ئەمە زۆر خراپە بۆ عەوام، ئالیهە لە نەزەڕ وان مەبدەئی سەعادەت و خەیرن، کە ئەوان بە شەڕ بێن، ئکدی بکوژن، ئینسان ئەبێ چ بکا؟ گوێ لە شێخ ڕەزا(34) کوڕی شێخ عەبدولرەحمان و برای شێخ عەلی تاڵەبانی چ بە خۆی ئەکا لەگەڵ هەتیوە بۆلغاری، تا ئەچێتە لای ئەحمەد پاشای بابان شتەکی بداتێ. حق الانصاف ئەحوال و ئەتوار و مەسلەك و غایەت و دەعوەتی موحەممەدی نیسبەتی لەگەڵ کەس نییە.
لەسەرامەدانی صلاح (فکیف) لەگەڵ کاهین و شاعیر و کلی نانی؟

کورد تا گەیشتە دەوری نالی(35) بە کوردی شیعریان نەبوو، لە "وەتیرە"ی شیعری عەرەبی و فارسی بەندی شاییان هەبوو: خزمینە گوێ و لەمن بی، بۆو دەکەم مەدحی یاری! بەلاوك یا غەیری تەرزی لاوك بەعزە وەقائیعیان ڕێك ئەخست، چ حەڕب – وەکی دمدم.(36) یا عیشق، وەکی مەم وزین(37) و برایمی مەلا زێندینان و قەل و گوڵەزرد و ناسر و ماڵ ماڵ(38) ئی بەڕاستی مۆسیقی و غەرامی بێ حەیرانی ئێمەیە. واقیعەن بە شیعری تاگور(39) و سائیری ئەورووپاییان ئەچێ، بەندەکی کورتە. ئێکی درێژە، ئێکیتری وەسەتە، بەندی ئەحمەدی کۆر،(40) مەیلی تەسەووف ئەکا، شاعیری میللیمان غەیری حاجی قادر(41) نییە، منیش بەعزە ئەشعارم دانا، لە سۆزی دڵم، بۆ کوردان و ئیتاعەیان بۆ موتەشەییخان. مع الاسف بۆ من زەرەر بوو، ئەوانیش نەفعیان لێ نەدیت!

**من یەقەی خۆم بۆیە دادەڕم ئێوە نابن بەهیچ و من دەمرم**

حەقیقەتەن کورد نابن بە هیچ، ڕووحیان نەماوە، وەکی ئەشباحی سینەما دێن و دەچن. من لە ئەوائیلی عومرم حەزم لە شاعیری بوو، ئەمما شتێ بوو بە مانع، ئارەزووم ئەکرد، لە ئیبتیدای کاری شیعری دەقیق و پڕ مەعنا و ئابدار، وەکی کەلیم(42) و صائیب(43) و کەمالی هیندی(44) دانێم، ئەمەش مومکین

نەبوو، مەیلەکەم داکەوت، کول بوو قووەتی نەساند (لله الحمد). بابم شیعری خۆشی هەبوو فارسی و کوردی، بە منداڵی شیعری بۆ دادەنام، تەشویقی ئەکردم لەسەر خوێندن:

**عەزیزی ڕۆژ و شەو بۆ خۆت بخوینە   لەناو گێژاوی جەهلدا مەمینە**

**لە دنیادا عەمەل تەحصیلی عیلمە   ئەوی عیلمی هەبێ دائیم بە حیلمە**

**مەلازادەی نەخوندی میسلی سەگسار   دەبی هەر هەڵپەڕی وەك سەگی هار**

**قول و قاچی موسڵمانان دەرینی   لە سفرەی زاڵمان نانی ڕفێنی**

ئەگەر ئەشعاری کۆکراباوە دیوانێ ئەبوو. شوعەرای ئەورووپایی ئەمرۆ، ڕوو لە حیکمەت و هیدایەتی ئوممەت ئەدەن، تەشویقیان بۆ مەصالیحی دەوڵەتی ئەکەن. ئەوی حیکمەت و عیلم و عیرفان نەزم نەکا، ڕۆحی حەماسەت و شەجاعەت و مەجد و کەرەم کاری بهاوێتە دەماغی قەوم، حەقیقەتەن شایانی تەبجیلە. لای خواش بە حورمەتە. ئەمانەن خوا ئیستیسنایان ئەکا (الا الذین امنوا ......) تەبیعی ئەوانە هەجوو ناکەن، مەدحیش بکەن بە ئەندازە ئەیکەن (وانتصروا من بعد ما ظلموا) بالمقابلە ئەمما تەجاوز ناکەن لە میقداری حەقیان. زەواتێ عیزام شیعریان دانایە، ئەبوبەکر[45] و عومەر،[46] وە ئەشعاری عەلی[47] لە تەبەقەر عولیا دایە. ئیمامی شافیعی لە مەشاهیری شوعەرایە، حەتتا بەعزێ لە حەقی ئەڵێن: کان شاعرا غلب علیة الفقە! ئی ئەصمەعی[48] بیلەعکسە: کان فقیها غلب علیة الشعر! من ئەوەم لە حەق بابم و شێخ ئەوت: بابم شاعیر بوو مەلایەتی غەلەبەی کرد. شێخ ڕەزا مەلا بوو شاعیری غەلەبەی کرد. شێخ ڕەزا تووڕە ئەبوو بەعزە جار، ئەیوت: بۆ پێم ناڵێن مەلا؟

بۆ ئوممەت پێگەیاندنی، ئەهووەلەن داك بە لای لایە ئەتوانی منداڵ پوختە بکا. دووەم شاعیر، سێیەم مامۆستایە تێگەیشتنی، مع الاسف هیچ و برسی "یۆك".[49]

**مافی ژنان:**

لێرە هەوڵدەدەین نموونەی بۆچوون و هۆنراوەکانی مەلای گەورە لەبارەی ماف و داخوازیەکانی ئافرەتان بخەینە ڕوو. باسەکانی مەلای گەورە زیاتر باسی مارەیی ژن و تەڵاقدان و کچ بە شوودان ونوشتە و شێخ و خورافیات و دواکەوتووی کۆمەڵگە بووە. لە ڕووی ناوەڕۆکە شیعرەکانی مەلای گەورە، لە چوارچێوەی باس و خواسی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی دەسوڕێتەوە، پەیوەندی بە چەسپاندنی بیروباوەڕی کوردایەتییەوە هەیە لەناو دڵی خەڵکیدا. لەو ڕێگایەوە توانجی توند لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەدات و بە هۆکاری دواکەوتویی کورد ناویان دەهێنێت. هەڵبەتە لەناو کورد نموونەی چەندان زانا و مەلای دیکە هەن، کە بەگوێرەی ژینگەی کۆمەڵایەتیی و ئاینییان هەندێك کاریان کردووە، کە جێگەی ئەوەیە لەسەریان بووەستین. هەروەك لەو نامەیەی، کە حاجی قادری کۆیی لە ئەستەنبۆڵەوە بۆ حاجی مەلا عەبدوڵلای جەلیزادەی باوکی مەلای گەورەی ناردووە و لە دێڕێکدا لە وەسفی ئەو بنەماڵە زانستپەروەرەدا دەڵێت :

**بەغەیری جەدی ئێوە کێها زانا   بناغەی لە کوردستان دا علمی دانا**[50]

مەلای گەورەی کۆیە هەمیشە جیاوازتر لە مەلا و زانایانی حوجرە دەرکەوتووە و هەوڵی چاکسازیی و چاکسازییداوە، بەڵام لەچوارچێوەی نەریتە کۆمەڵایەتیی و عورفییەکاندا. بەمانایەکی دیکە پرۆژە چاکسازییەکەی مەلای گەورە لە بازنەیەکی کۆمەڵایەتی ئەخلاقی دەسووڕایەوە. نەك ڕەچەشکێنی لە فتواو لێکدانەوە کۆنەکان، بۆ ئەحکام و شەرع. ڕەخنە و توانجەکانیشی چ ئەوانەی بە شیعر و چ ئەوانەی

لە کۆڕ و وانە ئاینییەکان و تەنانەت لە تەفسیرەکەیشی زیاتر ئامۆژگاری و توانجگرتن بووە لە دیاردە ناکۆمەڵایەتی و ناژیارییەکان. لەبارەی زانست و مەلایەتی و نووسین لە بواری ئاینییدا سەرنجتان بۆ چەند کارێکی مەلای گەورە ڕادەکێشین لەو بوارەدا: ئەو پێداگری لەسەر ئازادی ژن و خوێندن دەکردەوە:

**بڵێن بە قەومی کوردان دەستی من و دامێنیان**

**عەیبە بە حەققی یەزدان ژن هێنان و تەڵاقدان**

**ژن زینەتی دنیایە، ئەمانەتی خودایە**

**حەبیبی موستەفایە قەڵاتن لە بۆ مێردان**

**ژنیش وەك موزەکەرە عەینی ئەویش بەشەرە**[51]

**مەلای گەورە و مارەیی ژنان**

لە بەرگی دووەمی لاپەڕە 93 ی تەفسیرەکەی دا دەفەرمووێت: ئایا مارەیی گرانت بێ باشە؟ یا سووك؟ من لام وایە بە "ئەتوار" و "ئەحوال" دەگۆڕێت، وەك "سابیقەن عەرزم" کردن، گەلێك کەسم دیتوە لەبەر زۆری مارەیی نەبوایە ژنەکەی تەڵاق دەدا، هەر بۆیە ژنانی کورد دەڵێن: "مارەیی کۆڵەگەی ناوماڵە" ئەگەر ئەم ترسە نەبێت مارەیی تا چاکتر بێت باشترە، بۆیە حەزرەتی ئیمامی عومەر پاش "تەقەڕور"ی ئیسلام "تەئەدوب"ی عەرەب بە ئادابی دین نەهی "موغالات"ی "مەهر"ی فەرموو، ئەگەرچی دەڵێن پیرەژنێك ئیعتیرازی لێ گرت، ئەویش ئیعتیرافیی بە قصوری خۆی کرد، بەڵام نەهی عومەر موافیقی حاڵ و وەخت بووە.[52]

ناردنی نەجیبەخانی کچیشی (1917-1999) بۆ مەکتەب لەسەر ئەساسی ئەو تێگەیشتن و باوەڕەی بووە. ئەوەیش جۆرێك لە ڕیفۆرمە لە تێگەیشتنی ئایینداری کورد لەو سەردەمەدا، یاخود باسکردن لە خورافیات و جادو و و نوشتە و نەریتە ناشیرینەکانی ناو کۆمەڵگە. لەبارەی کۆنەپەرستی پیاوی ئایینی دەفەرموێت:

**ئەگەر ملکە هەمووی ملکی خودایە   ئەگەر شێخە ئەگەر قوتبە هەبایە**

**ئیرادە و قودرەتی خودای من تەواوە   چ حاجەتمان بە شێخ ڕایی کراوە**[53]

مەلای گەورە لەبارەی هاتووچووی ژنان بۆ سەر گۆڕی چاك و پیران دەڵێت: بە عموومی لە وڵاتی ئێمە چەند و چاك و پیر هەن: ئۆمەرمەندان، خاڵخاڵان، مامۆستا کەرەم، چاکی زایەری، مەلا مرادی، چنارۆك، حاجی ڕەسول. ژنان بۆ ئاوس بوون دەچنە سەریان زیارەتیان دەکەن، گسك و جەرگوناو و درك و سەروپێیان بۆ دەکەنە خێر. بۆ حاجی ڕەسوڵ شەرتە ژنەکە لە دوور دابەزێت، بەبێ دەرپێ ڕوو لە مەرقەد بکات و بە غار بچێ و بڵێ: حاجی ڕەسوڵ لە گوڕ هاتم، بۆ کوڕ هاتم. بەعزێکیان دەبێ ژنەکە حەوتجار بەولا و بەولای قەبرەکە صەفا، بە لینگی ڕووت بازدا، هەی کاکی خۆم لە ناو قەبرەکە صەفا دەکەیت! ئینجا ئەگەر ئاوس بوو کوڕی بوو، دەڵێ: ئەو زاتە پێی کەرەم کردیمە، ئەگەر زێدە موسڵمان بێ دەڵێ: "خوا بە تکای ئەو زاتە موبارەکە پێی بەخشیوین" ئیعتیقادی ئەنام دەرهەق بە شێخ و ئەولیای مردی و زیندی زۆر بە قووەتە. عەلی ئەفەندی هەولێری لە "سراج السالکین" دەڵێ: شێخ

حیسامەدین ڕۆژێ بە دەروێش حەسەنی وت: ژنەکەت ئاوسە، حەملەکەی کچە، ئەوە زەکەرێکمان پێوە چەسپاند، واتا: کردمانە کوڕ. سبحان الله! ئەوە فەوقە شیرکە! خوا بە کچی خەلق کردبوو شێخ کردی بە کوڕ! مەلای گەورە، هەمیشە هانی یەکسانی جێندەری دەدا، ناڕاستەوخۆ دژی فرەژنی بووە، بەڵام نەیویستووە ئەو بۆچوونەی بەئاشکرا بڵێت، بەڵکوو لە شیعرەکانی و شەرحی تەفسیرەکەیدا ئاماژەی بەو دیاردە قێزەوەنە داوە.

## مەلای گەورە و میرات و خێزان

مەلای گەورە لە تەفسیری ئەم ئایەتە "لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ ٱلۡوَٰلِدَانِ وَٱلۡأَقۡرَبُونَ وَلِلنِّسَآءِ نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ ٱلۡوَٰلِدَانِ وَٱلۡأَقۡرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنۡهُ أَوۡ كَثُرَۚ نَصِيبًا مَّفۡرُوضًا."[54] دەڵێت " بۆ مێیان چ گەورە چ گچکە، چ بە هۆش، چ بێ گۆش، بەشی هەیە لە ئەوەی دایك و باوك و خزمانی نزیك تەرکیان کردیە، مەڵێن ژن بۆ چییانە؟ حەوائیجی بەشەری زۆرە، خۆتان ئەڵێن: عومری درێژ شەرم لە کەس ناکات، پیرییە، کوێرییە، دەردەدارییە، عەوارز زۆرە، ئەوانیش لە میرات وەرگرتن موستەقیلن.[55]

ئەم ئایەتەش "يُوصِيكُمُ ٱللَّهُ فِيٓ أَوۡلَٰدِكُمۡۖ لِلذَّكَرِ مِثۡلُ حَظِّ ٱلۡأُنثَيَيۡنِۚ فَإِن كُنَّ نِسَآءً فَوۡقَ ٱثۡنَتَيۡنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَۖ وَإِن كَانَتۡ وَٰحِدَةً فَلَهَا ٱلنِّصۡفُۚ وَلِأَبَوَيۡهِ لِكُلِّ وَٰحِدٖ مِّنۡهُمَا ٱلسُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِن كَانَ لَهُۥ وَلَدٌۚ فَإِن لَّمۡ يَكُن لَّهُۥ وَلَدٌ وَوَرِثَهُۥٓ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ ٱلثُّلُثُۚ فَإِن كَانَ لَهُۥٓ إِخۡوَةٞ فَلِأُمِّهِ ٱلسُّدُسُۚ مِنۢ بَعۡدِ وَصِيَّةٖ يُوصِي بِهَآ أَوۡ دَيۡنٍۗ ءَابَآؤُكُمۡ وَأَبۡنَآؤُكُمۡ لَا تَدۡرُونَ أَيُّهُمۡ أَقۡرَبُ لَكُمۡ نَفۡعٗاۚ فَرِيضَةٗ مِّنَ ٱللَّهِۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمٗا"،[56] وا تەفسیر دەکات: بۆ نێر بە قەدەر پشکی دوو مێ، مەسەلەن کوڕێك و دوو کچ، لە چوار دووی کوڕەکەیە، کچان یەکی یەك، شەریعەتی ئیسلامەتی وەك فیترەت تەرجیحی لای نێری بەسەر مێ دا دەدا، وە بە موقابیلی ئەوانەی مەیلی مێیەتی زیاد دەکەن، وە عەرەبیش لەلایەك عاریان بە مێیە، لەلایەك مەلائیکە ئەکەنە بەناتوڵلا، ئیجاب دەکات جەنبی زکورەت تەرجیح بدرێت لەسەر جەنبی مێیینەیی مەعە ئەنەهو ژن لە گەلێ جیهەت حیصە مەندە، کە پیاو لەو جیهەتە، بێ بەشە. ماڵی پیاو بۆ کێیە؟ هەر بۆ ژنان نییە؟

لەمەڕ ئەم ئایەتەش "وعَاشِرُوهنَّ بِالْمَعْرُوفِ فَإِن كرهتُمُوهنَّ فَعَسَى أَن تَكْرَهواْ شَيْئاً ويجْعَلَ الله فِيه خَيْراً كَثِيراً،[57] مەلای گەورە دەڵێت: گوزەران لەگەڵ ژنان بکەن بەخۆشی، لە دنیا لەوە خۆشتر نییە کە ژن و مێرد لەگەڵ یەك ڕێك و پێك بن، یەکتریان خۆش بوێی، یەکتریان لا بە حورمەت بێت، لە کەموکورتی یەك ببوورن، لام وایە، ئینسان لە دەرەوە هەر غەمێکی هەبێ، کە هاتەوە لەناو چوار دیواری خۆی، لەگەڵ ماڵ و منداڵی بە صوحبەت و بە ئولفەت ڕایان بوارد، هیچ کەدەری لە دڵدا نامێنێ. خولاصە، خۆشی خۆشی عائیلەیە و ناخۆشی ناخۆشی عائیلەیە. ئەگەر صوحبەت و موعاشەرەی ئەوانتان لا ناخۆش بوو، هەروا بە مەیلی دڵ بێ مەیل بوون، لەگەڵیان تەحەکووم لە خۆتان بکەن، پێ لە نەفسی خۆتان بنێن و دەری مەخەن. گەلێ شت وایە ئینسان پێی ناخۆشە، مەعە ئەننەهو کە کردی خێری لێ دەبینێ، نزیکە ئەوە وابێ. گەلێکمان دیت لە ژنە نەویستەکەی گەلێ خێری زیاتر دیت لە ژنە خۆشەویستەکەی، یان ژنێکی کڕ هاندووە، دوایی گەلێ چاکەی لێ دیوە.

### دووركەوتنەوە، لە خیانەتی هاوسەرگیری:

"وَلَا مُتَّخِذِي أَخْدَانٍ" (المائدة، ٥)، مەلا گەورە لە تەفسیری ئەم ئایەتە دەفەرموویت "کەی نێر و مێ دەبنە دۆستی ڕاستی بێ مەیلی خیانەت، ئەحوالی بەشەر لە سایەی غەربیان زۆر گۆڕاوە، دەبینی ژنێ قۆڵی لە قۆڵی دۆستێ هەڵکێشاوە، مێردەکەشی بە دوایاندا دەڕوا، گەلێ مەسرور و مەمنوونە، شەرقیش گەلێ کەیفیان بەم نەوعە دۆستە دێت، کەسێ تەماشای جەرائید و موجەلات بکات دەبینی لە ڕووی دۆستی چ فەزائیح دەقەموێ، چۆن ئینسانی غەیور و بەناموس حەز دەکات ژنی تەنها بۆ خۆی بێت، وەك کابرای خۆشناو بە ژنی خۆی دەگوت: فاتێ خۆزیا خۆزیا بە تەنێم ئی خۆ بای! ژنیش حەز دەکات پیاو بەتەنێ ئی خۆی بێ، هەردوولا عەفیف بن، چاو لەدەر نەبن، ئەوسا بە سەلامەتی ڕائەبوێرن مەقاسیدی ئیزدیواج بەجێ دەگەیەنن.[58]

بۆ ئەساسی تەربیە، ژن فەوقی پیاوە. ژن لای کوردان بێ قیمەتە، بۆیە کورد نابنە ئینسان، هەزار ناصحی وەک من، نابێ بە دایكێكی چاك![٥٩] ئەمانە كۆمەڵێك تەوەر و پرس بوون، كە مەلای گەورە لە ڕێگەی شیعر و قسە و ناواخنی تەفسیرەكەی تێڕوانین و سەرنجی خۆی تێدا گوتووە.

## ئەنجام

بەوپێیەی مەلای گەورە لە سەردەمی ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی دا بووە، تێکەڵبوون بە کلتوری ئەوروپایش لەبرە و دابووە، وڵاتە ئیسلامییەکانیش، خەریکی خۆ ڕێکخستنەوە بوون، ئەو سەردەمەیش ڕۆژگاری عەبدوڕەحمان کەواکیبی و محەممەد عەبدە و جەماڵەدین ئەفغانی بووە، بیر و هزری ئەوانیش بەسەر زانایانی کورد دیارە، لە ناویاندا مەلای گەورە بووە. دیارە مەلای گەورەش هەمان ئەو ڕەوتەی گرتەبەر، بەڵام ناتوانین بڵێین مەلای گەورە نوێگەر بووە، بەڵكو ڕیفۆرمخواز بووە. واتە كارەكانی مەلای گەورە زیاتر لەچوارچێوەی ئیسلاحی كۆمەڵایەتی دەسووڕایەوە، نەك ئایینی. بەمانایەکی ورتر مەلای گەورە زیاتر ڕیفۆرم و ئیسلاحی کۆمەڵایەتی کردووە، ئەویش لەناو کۆمەڵگەی کوردی دا.

مەلای گەورە توانیویەتی لەژێر ڕۆشنایی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بۆچوونی خۆی سەبارەت بە ژن بە شێوەیەکی جیاواز دەرببڕێت، ئەمە بووەتە مایەی قەڵسبوونی هاوچەرخانی. کۆمەڵگەی هانداوە واز لە خوڕافە بهێنن و خۆیان دووربگرن لە کاری ناشیا و و هیچ. خێزان و هاوسەرەکان دنە دەدات، لەگەڵ یەك باش و تەبابن، گەر وانەبوون هیچ شتێك سوودی نابێت، ژیان هەر لەژێر ساباتی هاوژینیی بەهرە دەدات. مەلای گەورە چەندان پەند و حیكایەت و سەرگوزشتە دەهێنێتەوە، بۆ باشتركردنی كۆمەڵگە و دوورخستنەوەیان لە خووی خراپ. بە شێوەیەکی کراوە، باسی زۆر بابەتی تایبەت بە ئافرەت و خێزان و کۆمەڵگە دەکات. ئەم تەفسیرەی مەلای گەورە نەك تەنیا لەبارەی ڕەخنەی كۆمەڵایەتی و توانج لە نەریت و دواكەوتوویی، بەڵكوو دەشێ لە هەموو بوارەكانی دیكەش سوودی لێ وەربگیرێت.

## پەراوێزەکان:

1- مفهوم الاصلاح أو نحو اصلاح الفهم المصطلح: تأليف / د. محمد بريش- خبير في الدراسات المستقبلية والاستراتيجية عضو " معهد الدراسات المصطلحية" ص13

2 -المفردات في غريب القران: تأليف/ راغب الاصفهاني – ص186

3-	رواه أبو داود (رقم/4291) وصححه السخاوي في "المقاصد الحسنة" (149)، والألباني في "السلسلة الصحيحة" (رقم/599)

4-	شێخ عەبدولڕحمان کەزبەری لە نێوان ساڵانی 1771 تا 1846 ژیاوە، سەرۆکی زانایانی ئیسلامی ناوچەی شام (دیمەشق)بووە، بە عەللامە و زانای سەردەم ناسراوە. شافیعی مەزهەب بووە، ئیجازەی مەلایەتی بەچەندان مەلا و زانای ئەو ڕۆژگارە بەخشیوە، لە ماڵی خودا لە ڕۆژی وەستانی عەرەفەدا، گیانی بە خودای تاقانە دەسپێریت. سەرچاوە: الدرر الشامیة/ القسم العلمي. توێژەر

5-	گەشتی ژیانم: نووسینی، مەسعود محەمەد – کۆتا چاپ 2014/ ل 3 تا 12

6-کوڵی دڵی مەلای گەورەی کۆیی: نووسینی – مەلا حوسێن گورژی، چاپ نووسینگەی تەفسیر- ساڵی 1430ك – 2009ز لاپەڕە 111

7-محمد بن عبدالله الجلي وجهوده العلمیة: تألیف/ د. جواد فقي علي الچوم حیدري، طبع ونشر- مكتب التفسیر- مطبعة وزارة التربیة – أربیل / الطبعة: الأولی 2006م – ص 110

8-	قورئانی پیرۆز سورەتی الحجرات ئایەتی ١٣

9-	بەکوردیکردنی: توێژەر

10-	ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی/ نووسینی: زامدار ئەحمەد – ماڵپەڕی وشە 2017/7/31

11-	مەم و زین، لە ساڵی ١٦٩٢ز، نووسراوە/ یەکەم جار لە ١٩١٩ ز، لە ئەستەمبوڵ چاپ کرا

12-	ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی/ نووسینی: زامدار ئەحمەد – ماڵپەڕی وشە 2017/7/31

13-	هەمان سەرچاوە

14-	هەمان سەرچاوە

15-	کوڵی دڵی مەلای گەورەی کۆیی: نووسینی/ مەلا حوسێن گورژی ل 28

16-	العروة الوثقی/ تألیف جماالدین الافغاني و محمد عبده/ الناشر مؤسسة هنداوي - ص 339

17-	مێژووی جەلیزادە، نەجیبەخانی جەلیزادە ل 117

18-	ژیان و ئەزموونی مەلای گەورە/ نووسینی هاوکار عەبدوڵلا شێخ وەسانی ل 199

19-	پێشەکی دیمانەیەکی ڕۆژنامەی بەیان، کە لە ساڵی 2013 لەگەڵ محەمەد مەسعود محەمەدی نەوەی مەلای گەورە ئەنجام دراوە. هاوکار عەبدوڵلا شێخ وەسانی جارێکی دیکە لە پەرتووکی ژیان و ئەزموونی مەلای گەورە جارێکی دیکە بڵاوی کردووەتەوە ل 194

20-	دیمانەیەکی ڕۆژنامەی بەیان، کە لە ساڵی 2013 لەگەڵ محەمەد مەسعود محەمەدی نەوەی مەلای گەورە ئەنجام دراوە. هاوکار عەبدوڵلا شێخ وەسانی جارێکی دیکە لە پەرتووکی ژیان و ئەزموونی مەلای گەورە جارێکی دیکە بڵاوی کردووەتەوە ل 195

21-	کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیدا/ نووسینی د. عوسمان عەلی، وەرگێڕانی کامەران بابان زادە ل 113

22- هەمان سەرچاوە ل 115

23- ئەحمەد حەمدی بەگ، کوڕی محەمەد پاشا، کوڕی سلێمان پاشا، کوڕی ئەوڕەحمان پاشای بابانە. ساڵی 1870 لە دایکبووە، دوای ئەوەی حکوومەتی ئێراق لە 11/ تشرینی دووەمی/1920 بە سەرۆکایەتی "عەبدولرەحمان نەقیب" پێکهات داوا لە کۆمەڵێك کەسایەتی کرا ببن بە وەزیر یەکێك لەو کەسانە حەمدی بەگ بوو، ئەو داوەتنامەکەی ڕەد کردەوە، چونکە هەرگیز گەرەکی نەبووە کوردستانی باشوور بەشێك بێت لە ئێراق، تەنانەت لە کەرنەڤاڵی تاج لە سەرنانی مەلیکدا بەشداری نەکرد. توێژەر

24- مێژووی ئەدەبی کوردی، دکتۆر مارف خەزنەدار، بەرگی پێنجەم ل 379 – 395

25- هەمان سەرچاوە

26- مێژووی وێژەی کوردی، نووسینی: سدیق بۆرەکەیی. بەرگی دووەم ل 719

27- هەمان سەرچاوە

28- نووسینێکی مامۆستا کەریم شارەزایە، لە ژمارە 23ی گۆڤاری (ڕۆڤار) تشرینی دووەم ساڵی 2012 بڵاوبووەتەوە.

29- هەمان سەرچاوە

30- ئەوە ڕاو سەرنجی توێژەرە لەسەر ئەزموون و کارە ئەدەبیەکانی مەلای گەورە، لەبارەی شیعر و شاعیلاییەتیان. تێگەیشتنی خۆیەتی سەبارەت بە دۆخی هۆنراوە و شیعرەکان، لە ڕووی شیعرییەوە. توێژەر

31- دەربار- شایەر بەو شیعر و ئاعیرانە دەگوترێت لە بۆنە و یادەکاندا لە بەردەم پاشا و میر و دەسەڵاتداران بۆ وەرگرتنی پارە و دەستە خۆشانە شیعر بە بەژن و باڵای پاشا و دەسەڵاتەکەیدا هەڵدەدەن. بەشێك لەو شاعیرانە لە کۆندا وێنەیەکی ناشیرینی شیعر و شاعیربوونیان نیشانداوە، بۆیە مەلای گەورە بەو شێوەیە باشیان دەکات. توێژەر

32- ئیبراهیم موصلی 742 – 804 ناودارترین مۆسیقاژەنی عەرەبە، لە کوفە لە دایك بووە و لە بەغدا مردووە. توێژەر

33- ئەفلاتون، ٤٢٣–٤٢٩پ. ز – خاوەنی پەرتووکی کۆمارە، کە لە کتێبەکەیدا شاعیران دەخاتە دەرەوە. توێژەر

34- مەبەست لە شێخ ڕەزای تاڵەبانی ١٨٣٧-١٩١٠ شاعیرە. توێژەر

35- مەبەست لە مەلا خدری کوڕی ئەحمەدی شاوەیسی ئاڵی بەگی میکایلی ناسراو بە نالی یە 1800-1856ز. توێژەر

36- مەبەست لە داستانی قەڵای دمدمە، کە بە حیکایەت لە فولکلۆری کوردیدا گێڕاویانەتەوە، لەسەردەمی خانی لەپزێریندا بنیاتراوەتەوە. نووسەر عەرەبی شەمۆ بەشێوەی ڕۆمان ئەو داستانەی یاداشتکردووە، شوکور مستەفا کردوویەتی بە کرمانجیی خوارووە، هێمن موکریانی پێشەکی بۆ نووسیوە. توێژەر

-37 مەبەست لە داستانی مەم و زینی ئەحمەدی خانی یە، ١٦٥١ – ١٧٠٦ز. توێژەر

-38 ئەمانە چەند بەیتێکی فۆلکلۆری کوردین و بە شێوەی حیکایەت و لاوك و سەربردە و شیعر و پەخشانیش دەگوترێن. توێژەر

-39 تاگوور 1861 – 1941 ز، شاعیرێکی هیندییە، شیعرەکانی بە زمانێکی ئایینی و نیشتیمانی نووسراون، لە ساڵی 1913 خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە. توێژەر

-40 حاجی قادری کۆیی لە بارەی ئەحمەدی کۆر دەڵێت: لە شاری سابلاخە و بەیتێکی داخە بەیتێکی باخە. توێژەر

-41 حاجی قادری کۆیی ١٨١٧-١٨٩٧ز، شاعیر و بیرمەندێکی بەناوبانگ و نەتەوەخوازی کورد بوو. توێژەر

-42 کەلیم، ساڵی لە دایك بوونی نادیارە، شاعیرێکی هیندی/ فارسییە، دیوانێکی تایبەت بە مەسنەوییات داناوە، کتێبێکیشی بەناوی (پادشانامە) لە سەردەمی ئیمپراتۆری مەغۆل نووسیوە. لە 1650ز مردووە. توێژەر

-43 میرزا محەمەد عەلی ناوسرا و بە "صائیب" 1603 – 1677ز، بە یەکێك لە ناودارترین شاعیرانی ئێرانی دادەندرێ. توێژەر

-44 کەمالەدین ئیسماعیل بە کەمال ئەصفەهانی ناسراوە، ساڵی لە دایك بوونی نادیارە، لە 1237 بەدەستی لەشکری مەغۆل کوژراوە. توێژەر

-45 مەبەست لە پێشەوای موسڵمانان، ئەبووبەکری صدیق ە، مەلای گەورە لێرە وەك شیعردۆست ناوی دەهێنێت. توێژەر

-46 مەبەست لە پێشەوای موسڵمانان عومەری کوڕی خەتابە، مەلای گەورە وەك شیعر دۆست ناوی دەهێنێت. توێژەر

-47 مەبەست لە پێشەوای موسڵمانا عەلی کوڕی ئەبوو تالیبە، مەلای گەورە دەیەوێت ئاماژە بە شاعیرییەتی ئیمامی عەلی بکات، کە چ زمانزان و ڕەوانبێژێك بووە، کتێبێکی هەیە بەناوی (البلاغة) پڕیەتی لە ئیستاتیکای ڕەوانبێژی. توێژەر

-48 ناوی تەواوی ئەبوو سەعید عەبدولمەلیك کوڕی قورەیب،ە ناسراو بە "اصمعی" لە شاری بەسرەی عێراق لە 122 هیجری لەدایك بووە، خاوەنی قەصیدەی " صوت صفير البلبلي" یە کە لەبەردەم خەلیفەی عەباسییەکان "ئەبو جەعفەری مەنصور"، خوێندوویەتییەوە تا فێری بکات، چیتر سووکایەتی بە شاعیران نەکا. توێژەر

-49 یوك - وشەیەکی تورکییە، یانی نییە. توێژەر

50 -کوڵی دڵی مەلای گەورەی کۆیی: نووسینی – مەلا حوسێن گورژی، چاپ نووسینگەی تەفسیر- ساڵی 1430ك – 2009ز لاپەرە 603

51 - هەمان سەرچاوە ل 283

52- تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی، مەلای گەورەی کۆیی، بەرگی (9-10) ساڵی 2009ز
53- هەمان سەرچاوە
54- سورة النساء ٧
55- تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی، مەلای گەورەی کۆیی، بەرگی (9-10) ساڵی 2009ز
56- سورة النساء – 11
57- سورة النساء – 19
58-- تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی، مەلای گەورەی کۆیی، بەرگی شەش ل276
59- تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی نووسینی: مەلا محمدی جەلیزادە بەرگی چوارەم ، ل٦.